## ڕێپێوانەکەی شاری کەلار و دەوروبەری
## لە نێوا نخواستەکانی جەماوەر و قسەی نوسەرە حزبیەکاندا

سەرنجام دوای چواردە ساڵ بێدەنگی جەماوەری شاری کەلار و دەوروبەری ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ داواکردنی سەرەتاییترین مافەکانیان،ئەو ڕێپێوانەی ڕۆژی 9/7 کە لە شاری کەلار ئەنجامدرا بەر ئەنجامی ئەو ناعەدالەتیانە بوو کە بەرامبەر بە خەڵکی دەڤەرەکە دەکرێت و بەری ڕەنج و خەبات و قوربانیدانیان وەکو پێویست لە بەر چاو نەگیراوە ،هەروەك پێشڕەوی ئەو ڕێپێوانە کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی کەلار ڕزگاری و کۆمەڵەی گۆڕان بوو ، هەر وەك لای هەمخووان ڕوون و ئاشکرایە ئەو ڕێپێوانەی جەماوەری کەلار و دەوروبەری توندوتیژیەکی زۆری بە خۆوە بینی و بریندار بوونی 25 کەسی لێکەوتووە لە جەماوەر و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.لە کۆتایی ئەو ڕێپێوانەدا کۆمەڵێك قسە و باس لە لایەن میدیاکانەوە کراوە و کۆمەڵیك نوسەریش بە مەبەست چەندین وتاریان بە ناوی خۆیان و بە ناوی خوازراوە وە بلاوکردۆتەوە و هەروەك کۆمەڵێك کادری چەند لایەنێکی سیاسی بە هەر مەرامێکی تایبەتی خۆیان، ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە بۆ مرامی تایبەتی خۆیان،هەر بۆیە وەك ئەندامێکی دەستەی سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی کەلار و ڕزگاری و یەك لە ڕێکخەرانی ڕێپێوان پێم باشە ئەم وتارە بنوسم لایەنە شاراوەکانی ڕێپێوانەکە و پاشان ئەنجام و کاری داهاتووشمان بخەمە ڕوو . هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکردووە گەرمیان ناوچەیەکی سوتماك و مەڵبەندی خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی شۆڕشی کوردی بووە ،و لەم پێناوەشدا بووە بە سوتەمەنی و باجی ئەو خەباتەی خۆی داوە ،بەلام بەداخەوە لە دوای دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەم ناوزچەیە پەراوێزخراوە و ئاوڕی پێویستی لێنەدراوەتەوە ، وە خەڵکی ئەم ناوچەیە لە ماوەی چواردە ساڵی حکومەتی کوردیدا بێدەنگ بووە بەرامبەر بەو هەموو ناعەدالەتیەی بەرامبەری کراوە لە ڕووی خزمەتکردنەوە ،ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جەماوەری ئەم ناوچەیە چیتر ناحەقیەکان قەبوڵ نەکەن و بە شێوازی مەدەنیانە داوای مافەکانی خۆیان بکەن وە یەك لەو شێوازە مەدەنیانە ڕێگەی ڕێپێوان و خۆپیشاندانە بۆ داواکردنی مافاکانمان ،سەرەنجام هەلی یڕێپێوان بۆ جەماوەری گەرمیان ڕەخسا و ئەو هەموو بیٚ مافیەی بەرامبەر بە خەڵکی ئەم ناوچەیە کراوە گەیشتە ترۆپکە و بڕیاری ڕێپێوان درا تەنیا بۆ داواکردنی سەرەتاییترین مافەکانی خەڵك وەك کارەبا و ئاوو سوتەمەنی ،کە بەڕاستی بە هۆی کەمی و نەبوونی ئەو شتانەوە بە تەواوی ژیان لە خەڵکی ئەم ناوچەیە سەندرایەوە ،ئێمە لە کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی کەلار و ڕزگاری بە هاوکاری کۆمەڵەی گۆڕان بووین بە پێشڕەوی جەماوەر و ڕێپێوانێکمان ئەنجامدا لە ڕۆژی 9/7 ،سەرتا کۆنترۆڵی ڕێپێوان لە دەستی ئێمەی سەرپەرشتیارانی ڕێپێوانەکەدا بوو ،بەلام بە هۆی ئەوەی قایمقامی کەلار ئامادە نەبوو گویٚ لە خواستەکانی خەڵك بگرێت و بێتە نێو جەماوەر و وەلامی داخوازیەکانی جەماوەر بداتەوە و دوای و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆش کە تا ئێستاش لە نێو فەزایەکی دواکەوتوودان و بەشێکن لە کلتوری دواکەوتووی کۆمەڵگاکەمان و کەم تەجروبەن لە ئاست بزوتنەوەجەماوەریەکان وڕێپێواندا بە شێوازێکی توند و نامەدەنیانە پێشوازیان لە نوێنەرانی ڕێپێوانەکە کرد ،ئەمە وایکرد گرژی و ئالۆزی لە نێوان جەماوەر وهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا دروست بێت وە جەماوەر ئامادە نەبوو بەردەم قایمقامیەت جیٚ

بهێڵێت هخەتاوەکو وەلاّم بە خواست و داواکاریەکانی نەدرێتەوە ،وە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ تەقـەیان لە خۆپێشاندەران کرد بۆ بلاّوە پێکدرنیان ،کە ئەم کارەیان زۆر دوورە لە فەزایەك کـە نـاوی لـێ بنێیـت دیموکراسی و ئازادی لاڕادەربڕین و مافی مرۆڤ،هەر حاڵ لەو کاتەدا جەماورە بەردبارانی قایمقامیـەتیان کرد و لە لایەن پۆلیسەوە بە تەقە کردن بلاّوەیان پێکرا بەلاّم جەماوەر هەر سور بوو لە سەر خواستەکانی و دەستی بە شەڕە بەرد کرد ،ئا لەو کاتەدا ئێمەی سەرپەرشتیارانی ڕێپێوانەکە کۆنترۆڵی جەماوەرمان لـە دەست دەرچوو ،وە ئەمە وایکرد چەند کەسێکی نەفس نزم و گێرەشێوێن خۆیان بخزێننە نێو ڕێپێوانەکەوە و ئاراستەی ڕێپێوانەکەیان پێچەوانەی خواستە مەدەنیەکانی ئێمە کەوتەوە ،وە هێرشیان کردە سـەر چـەند دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری ،لە دوای ئەم ڕووداوەوە چەند نوسەرێك کە دەرویشی دەستی چەند حزبێکـی سیاسین ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە ،لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بە بـێ ئاگاداریـیـەکی بـاش بـۆ خۆیـان حوکمی زۆر کوێرانە دەدەن و زۆرێك لەو نوسینانە ئاراستە لـە خواسـت و داخوازیـەوە دەبـەن و دەیکەونـە مەسەلەیەکی سیاسی ،هەر بۆیە ئەم چەند خاڵە وەك ڕوونکردنەوە دەنوسم:

1ـ بە پێچەوانەی ئەو نوسینانەوە ئەوە ڕادەگەیەنین کە ئەم مەسەلەیە هیچ ئاراستەیەکی سیاسی نەبووە بەرامبەر بە دەسەلاّت بەوەی خەڵکی ئەو دەسەلاّتە قبوڵ نەکات و داوای ڕووخانی دەسـەلاّت بکـات بـەڵکو خەڵکی داوای خزمەتکردنی باشتر و بە تایبەت دابینکردنی ئاوو سوتەمەنی و کارەبای کردوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان .

2ـ لە چەند وتارێکدا نوسراوە کۆمۆنیستەکان لە ڕێزی پێشەوەی ڕێپێوانەکەدا بـوون ،نـەخێر ئەمـە زۆر دورە لە ڕاستیەوە ئەم قسەیەی کۆمۆنیسـتەکان سـوکایەتیە بـە ئـیش و کارەکـانی کۆمەڵـە و هـەروەها سوکایەتیشە بە بزوتنەوە جەماوەریەکەی گەرمیان کە خەڵك و کۆمەڵەی بە مەدەنی کردن پێـی هەڵسـان نەك ڕیزی پێشەوە کۆمۆنیستەکان بن.

3ـ لە زۆرێك لە وتارەکاندا جەخت کراوەتە لە سەر ئەوەی کە خەڵکی دژ بە گەندەڵی ئیداری ئەم کارەیان ئەنجامدااوە، ڕاسـتە گەنـدەڵی ئیـداری سـەرتاپای کوردسـتان بـە دەسـتیەوە ئـەناڵێنێت بـە هـەردوو ئیدارەکەشەوە ،بەلاّم ئەوەی جێی سەرنجە ئەم ڕێپێوانە دوور و نزیـك دروشمـەکانی و داواکاریەکانیشـی پەیوەندی بە گەندەڵی ئیداریەوە نەبووە و ،تەنیا بۆ ئاوو کارەبا و سوتەمەنی بووە.

هەروەك لە کۆتایدا ئـەوە ڕوون دەکەینـەوە کـە کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن غـەدریان لـە کۆمەڵـەی بـە مەدەنیکردن و گۆڕان کردووە و لە هیچ نوسینێکدا ناوی کۆمەڵـە وەك پێشـڕەوی جـەماوەر نـەهاتووە ،لـە کاتێکدا ،کۆمەڵە بەم کارە پیرۆزە هەڵساوە .

هەروەك ڕوونی دەکەینەوە ئێمە وەك کۆمەڵەی بە مەدەنی کردنی کەلار و ڕزگاری و جەماوەری کەلار ڕزگاری سورین لە سەر داخوازیە ڕەواکانمـان ودەسـت لـە خـەباتی مەدەنیانـە هـەڵناگرین و بـۆ بـە دیهێنـانی خواستەکانمان و ئیرادەی نەپساوەی خەڵکی گەرمیان زۆر بەرز و پیرۆزە و جارێکی تر قبوڵی ناعەدالەتی ناکات .

سەیوان خەلیل

ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی کەلار ڕزگاری